# فۆلکلۆری کوردی سەرچاوەی ئازارەکان
# هاواری ژن بە نموونە

**بوار نوورەدین سابیر**
توێژەر
bwar.biblo@gmail.com

**پوختە**
لە یەکەم بەشـــدا ئاوڕێکی خێرام لە مێژووی کۆمەڵگەی کوردی داوەتەوە و بە کورتی باســـی ســـێ هۆکارم کردووە، کە کاریگەریی خراپیان بەسـەر کۆمەڵگەدا هەبووە و لە ئەنجامدا زۆرترین ئەرکیان خستووەتە سەر شان و ژیانی ژن. لە بەشی دووەمدا، باسی ڕەوشی ژنم کردووە لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا و هەوڵم داوە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەمەوە: کولتوور چییە؟ ئایا ئەو دابونەریتانەی ئێستا لە کولتووری کوردیدا هەن، بەشێکن لە کولتووری دێرینی کۆمەڵگەی کوردی و لە کۆنەوە هەبوون؟ ئایا دەسەڵاتی نەتەوەکانی دەسەڵاتدار بەسەر کورددا، چۆن ئیشیان لەسەر شێواندنی کولتووری کورد کردووە؟ ئایا ژن لە کولتووری کوردیدا، شوێن و پێگەی هەبووە، هیچ شوێنەوارێکی بۆ ماوەتەوە؟ لە بەشی سێیەمیشدا، کۆمەڵێک نموونەی هاواری ژنم لە فۆلکلۆری کوردیدا خستووەتەڕوو، کە وەڵامی هەندێ پرسیارمان دەستدەکەوێت، وەکوو: ئایا پێگەی ژن لە کولتووری کورددا چۆن بووە؟ ئایا ژن لە بەرامبەر زەبروزەنگدا بێدەنگ بووە؟ ئایا بەرپەرچیی ژن بەرامبەر بەم هەموو دابونەریتانە چی بووە، کە بە هۆیەوە ژنیان وەکوو کەرەسەیەک بەکارهێناوە.

**پێشەکی**

بابەتی دەنگ و تێکستی ژن لەنێو فۆلکلۆری کوردیدا، لەمێژە سەرنجی ڕاکێشاوم و یەکێکە لەو بابەتانەی هەرچەند ئیشی لەسەر دەکەم، هێشتا دڵم ئاو ناخواتەوە و تونێتیم ناشکێنێت. لەم بوارەدا چەند هەوڵێکم داوە، کە دیارترینیان کتێبی (دەنگی مێینە لە گۆرانیی فۆلکلۆری کوردیدا) بووە. هەر لەم سۆنگەیەوە بیرم لەوە کردەوە، کە بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی ژن، پێویستە کەڵک لەم تێکستانە وەربگرین، ئەمەیش بە دوو ئامانج، یەکێکیان زیندووکردنەوە و وەبیرهێنانەوەی هەستونەست و ئازارەکانی ژنان، ئامانجی دووەمیش وەرگرتنی ئەم تێکستانەیە، وەکوو بەڵگەیەک بۆ خوێندنەوەی بارودۆخی ژن و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. سەرئەنجام ساڵی ٢٠٠٥ لێکۆڵینەوەیەکم لەبارەی (ڕەدووکەوتن) بڵاوکردەوە، کە لەپێناوی دۆزینەوە و شیکردنەوەی دیاردە و دابونەریتەکاندا، کەڵکی زۆرم لە تێکستی فۆلکلۆری کوردی وەرگرتووە، بەتایبەتیش گۆرانی. پاش نزیکی ٢٠ ساڵ جارێکی تر بۆ لای بابەتی ڕەدووکەوتن گەڕامەوە و بە شێوازێکی نوێتر کارم لەسەر کردەوە، کە زۆربەی ئەو تێکستانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا خراونەتەڕوو، لەپێناوی دۆزینەوەی ئازارەکان و کێشەکانی ژنی کورددا، لە کتێبەکەیشدا کەڵکم لێ وەرگرتوون و بۆ سەلماندی وردەکاریی لێکۆڵینەوەکە بەکارم هێناون، بەڵام لێرەدا چەند نموونەیەکم هەڵبژاردووە و بە ئامانج و دیوێکی تردا پێشکەشم کردوون، هەروەها کەڵکم لە چەند شـوێنێکی تری کتێبەکەم وەرگرتووە، کە بە هۆی نزیکیی بابەتەکانەوە لە یەکتر، نەمتوانیوە لەوە زۆرتر خۆمیان لێ دوور بخەمەوە.

**بەربەستەکان**

١- لە هەرێمی کوردستاندا، پرۆسەی نووسین و بەتایبەتیش بواری کۆمەڵناسی، زۆر درەنگ دەستی پێ کردووە. ناوەندی ئەرشیفی کەمە و کتێبخانەی نیشتمانی نییە، هەروەها بیبلیۆگرافیایش کەم ئامادە کراوە، کە وەڵامی تەواو و پێویستیی لێکۆڵینەوەکان بدەنەوە و هاوکاری بکەن. سیستمی ئامادەکردنی کتێب و شێوازی ڕێکخستنی کتێبخانەکانیش، بە شێوەیەکی زانستی و بابەتی ڕێك نەخراون.

٢- بواری لێکۆڵینەوە لە کوردستاندا بەرتەسکە بووە و پرۆسەکە هەر لە سەرەتاوە، بە شێوەیەکی زانستی ڕێچکەی نەگرتووە و تووشی کۆمەڵێك شێوە نووسین و لاسایکردنەوە بووە. تەنانەت هێشتا کۆمەڵێك سەرچاوە، ناچنە چوارچێوەی کاری زانستییەوە. هەروەها کەمیی ئەرشیف و سەرچاوە، لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی جۆراوجۆر، کە نموونەی پێشتر بخەنە بەردەستی لێکۆڵەران، بۆ ئەوەی نووسەرانی دواتر بتوانن بەشوێن هەنگاوەکانی ئەواندا، کاری باشتر و زانستیتر ئەنجام بدەن و بەرەوپێشتری ببەن.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

٣- كۆكردنەوەی فۆلكلۆری كوردی، هەر لە سەرەتاوە بە شێوازێكی زانستی كۆنەكراوەتەوە و وەكوو پڕۆژەیەكی نیشتمانی كاری بۆ نەكراوە، بەڵكوو زۆربەی ئامادەكاران و كۆكەرەوانی فۆلكلۆری كوردی، خەڵكێكی خۆبەخش، بێ ئەزموون و تەنانەت بێ سەرپەرشتیاریش بوون... هەروەها فۆلكلۆریستان زۆرتر هەوڵی كۆكردنەوەیان داوە، وەكوو ئەوەی بەشوێن بابەتێكی دیاركراودا بگەڕێن. زۆربەیان هیچ لایەنێكی حكوومی و ناحكوومی پشتگیریی نەكردوون و ناچاربوون لەسەر خەرجیی خۆیان پڕۆژەكان جێبەجێی بكەن. ڕەنگە تاكوو ئێستایش كەسانێك لە ژیاندا مابن، كە دەقی بڵاونەكراوەیان لەبەربێت، كە بێگومان بۆ ئەم كارە و دەیان كاری دیكە بایەخی دەبێت.

**ئامانج**

١- دۆزینەوە و بەرچاوخستنی ئازارەكانی خەڵكی كوردستان و كاریگەرییان بەسەر چین و توێژی ڕەشەخەڵكی سادەوساكار و بەتایبەتیش ژناندا، بەڵكوو بتوانین لەپێناوی چارەسەركردن و خزمەتكردنی خەڵكی كوردستاندا، كەڵكیان لێ وەربگرین.

٢- فۆلكلۆر، لە ئەنجامی هەست و نەستی خەڵكانی بێدەسەڵاتی (قەڵەم)ـەوە پەیدا بووە و دوورە لە هەڵبەستن و مەبەستی دیكەی بەدواوە نییە، چونكە گۆییندەی فۆلكلۆری، لە ئەنجامی هیچ جۆرە پەستان و كاریگەرییەكی لاوەكیدا (تێكست)ی هەڵنەبەستووە، بەڵكوو بەرهەمەكە لە ئەنجامی كاردانەوەی ئەو باسەوە پەیدا بووە، كە كاریگەریی بەسەر هەست و سۆزی دەروونی گۆییندەكاندا هەبووە.

٣- ئاشناكردن و وەبیرهێنانەوەی نووسەران و لێكۆڵەران، بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی لێكۆڵینەوەكانیاندا، كەڵكی زۆرتر لە سامانی فۆلكلۆری كوردی وەربگرن و فەرامۆشی نەكەن، چونكە ئەوەندە تێكست بەردەستە، كە بتوانین زانیاری لەبارەی هەندێ بابەت و چەمكی ونبوو، لە فۆلكلۆردا بدۆزینەوە.

**بەشی یەكەم: ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی كۆمەڵگەی كوردی**

كۆمەڵگە لە چەند چین و توێژێك پێكدێت و چەند بونیادێكی ڕامیاری، ئایینی، كۆمەڵایەتی و سروشتی، بنەما و بنچینەی پێكهێنانی دابونەریت و دیاردەكانی لاسایكراوە پێكدەهێنن، كە لە لایەن خەڵكەكەیەوە پێڕەو دەكرێن و ڕەنگە لەگەڵ كۆمەڵگەكانی دراوسێیدا جیاواز بێت. كۆمەڵگەكان كاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیشیان بەسەر یەكترەوە هەیە. كۆمەڵگەی كوردستان، لەژێر كاریگەریی چەند هۆكارێكی دەرەكی و ناوەكیدا، سست و لاواز بووە، بەتایبەتیش هۆكارەكانی (ئایین، دەسەڵات و سروشت) ئەمەیش لە گەشەكردن و پێشكەوتن دوایخستووە و بارودۆخەكە بە پێچەوانە سووڕاوەتەوە، كە وایكردووە وەكوو گەلانی تر و ناوچەكەیش، بە شێوەیەكی ڕێكوپێك و پێویستییەكی مێژوویی، قۆناغەكان نەبڕێت و وردەوردە بەرەو پێشكەوتن، زانست و شارستانێتی هەنگاوی نەناوە.[1] سستیی بڕینی قۆناغەكان لە كوردستاندا، بە هاوتەریبیی لەگەڵ گەلانی دیكەدا، كاریگەریی خراپی لەسەر كۆمەڵگەی كوردستان هەبووە و لەبری پێشكەوتن و گەشەكردنی بوارەكان، مایەی دواكەوتن، گیروگرفت و كێشە بوون.

دانیشتوانی كوردستان هەر لە كۆنەوە بایەخی تەواویان بە گرتنی چەمكی ئایین داوە و تاكوو ئێستایش چەند ئایین و ئایینزایەكی دێرین لە كوردستاندا ماون و پێڕەو دەكرێن، كە نیشانە و سەلمێنەری ئەوەن، دانیشتوانەكەی دەستبەرداری ئایین نەبوون و بە توندیش گرتوویانە، ئەو گرنگیدانە وایكردووە كۆمەڵێك ئایینزایش لە كوردستاندا پەیدا ببن.

دانیشتوانی كوردستان بە گشتی و گەلی كورد بەتایبەتی، لە جێبەجێكردنی ئەركی ئایینیشدا چالاك بوون، هەوڵیان داوە فەرمان و ئەسپاردەی ئەو ئایینانە پێڕەو و جێبەجێ بكەن، بە چاوی نامۆیشەوە سەیری ئایینەكانیان نەكردووە، بەڵكوو بە پێچەوانەوە، بە ڕاشكاوی جێبەجێكاری زۆربەی بنەماكانی ئایین بوون، كە لای كۆمەڵێكیان ناسنامەی نەتەوەییشی گرتووەتەوە. هەروەكوو دیارە بەشێكی زاناكانی ئایینی ئیسلام، كورد بوون و ڕۆڵێكی ئایینیی بەرچاویشیان لە پێشخستنی ڕەوشی زانستەكانی ئایینیدا هەبووە، كە وایكردووە لە ڕوانگەی دڵسۆزییان بۆ ئەو ئایینە، تاڕادەیەك خزمەتێكی چاك بە نەتەوەكانی دیكە بكەن. دەگمەنە ئەدیبێكی فارس، یان تورك و عەرەب، زمانی كوردی زانیبێت، هەروەها گەلانی تورك و عەرەب، كەڵكێكی نەتەوایەتی، كولتووری و شارستانیی زۆریان لە ئایینی ئیسلام وەرگرتووە.[2]

لە كاتێكدا سەرەڕای ئەوەی زۆرینەی گەلی كورد، هاوكاریی ئایینی ئیسلام و ڕێبازەكانی بوون، لە هەمان كاتدا هەڵگر و وەفاداری ئەو ئایینانەیش بوون، كە لە كۆنەوە بۆیان بەجێماوە، چونكە لە پەنای گۆڕینی ئایینیدا، هێشتا پاشماوەی دابونەریتی ئایینەكان لە ژیانی ڕۆژانە و بیروباوەڕیاندا زیندووە، جگە لەوەی كۆمەڵێكیش لەسەر بیروباوەڕی ئایینەكان ماونەتەوە و لە

---

1- بروێنسین، مارتین ڤان، ئاغا و شێخ و دەوڵەت- بەرگی دووەم، وەرگێڕانی لە زمانی ئەڵمانییەوە: د. كوردۆ، بڵاوكراوەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2003، ل.93.

2- بۆ زانیاریی زۆرتر بڕوانە: المدرس، ملا عبدالكريم، علماؤنا في خدمة العلم والدين، نشره: محمد علي القرەداغي، دار الحرية للطباعة، الطبعة الأولى، بغداد، 1983. بەحركەیی، مەلا تاهیر مەلا عەبدوڵڵا، مێژووی زانایانی كورد- بەرگی یەكەم، دووەم و سێیەم، بڵاوكراوەی كۆڕبەندی هزری ئیسلامی لە كوردستانی عیراق، چاپی یەكەم، چ: ئاراس، هەولێر، 2010.

پێرەوكردنی بەردەوامن.[3] پێمان وایە، پێرەوكردنی بنەماكانی ئایین بە توندی، هەروەها درێژبوونەوەی پێرەوكردنی ئایینەكان و گرنگیدان بە دابونەریتی ئایینیی نوێ، هۆكارێكی دیاری پەرتەوازەیی نەتەوەیی، كێشەی كۆمەڵایەتی، پارچەكردنی كوردستان بێت، ڕۆڵ و پانتاییەكی فراوان و خراپیشی بەسەر مێژووەكەیدا بەجێهێشتووە.[4]

هۆكاری ئایینی، كاریگەری لەسەر كۆمەڵگەی كوردستان هەبووە، بەتایبەتیش لە پەیوەندیی كۆمەڵایەتیدا، ئەمە جگە لە حەڵاڵكردن و حەرامكردن، لەنێو بیروباوەڕ و دابونەریتی ئایینیدا، كە بە جۆرێكی دیكە كۆمەڵێك كێشەی كۆمەڵایەتیی ئایینی، لەناو ئەم كۆمەڵگەیەدا پەیدا كردووە و شان و كۆڵی خەڵك بەگشتی و ئافرەتی بەتایبەتی گرتووەتەوە، كۆمەڵگەیشی بەسەر چەند چین و توێژێكی ئایینیدا دابەش كردووە، كە بووتە هۆی ئەوەی نەتوانن بە ئاسانی سووری ژیان و پێكەوەژیانی خێزانی بەسەربەرن، هەروەها كاریگەریی تەواوی لە پەرتەوازەیی كورد و دابەشكردنی كوردستانیشدا هەبووە.[5] ئایینەكان جگە لەوەی كاریگەریی نێگەتیڤیان بەسەر كۆمەڵگەی كوردستاندا هەبووە، لەهەمان كاتدا هەر یەكەیان هۆكارێكی پێشكەوتن، زانیاری و بنەمای كۆمەڵایەتیش بوون، كاریگەرییان بەسەر پێشكەوتن و پێشخستنی كولتووری كوردیشدا هەبووە.

كوردستان، لە مێژووی بەر لە زایین و دواتریشدا، تاڕادەیەك خاوەنی دەسەڵات، دەوڵەت، شان و شكۆی خۆی بووە، هەر هیچ نەبێت، بەشداری لە دەسەڵاتی سیاسی و ئایینیدا هەبووە، كە دواتر بە هۆی هەندێ ململانێوە، تاڕادەیەكی زۆر ئەو هێز و دەسەڵات و چوارچێوەیەی لەدەست داوە و مێژوویەكی دوورودرێژە لەژێر دەسەڵاتێكی خۆجێیدا نەبووە، كە وایكردووە كاریگەریی خراپ، بكەوێتە سەر هەموو پێكهاتەكانی دانیشتوان، بەتایبەتی لە بواری كولتوورییەوە.

دەسەڵاتی خۆماڵی، ڕۆڵی گرنگی لە پێشخستنی هەموو بوارێكی ڕۆشنبیری، ئابووری، كۆمەڵایەتی، پێشكەوتن و شارستانێتیدا هەیە.[6] هەندێ لە گەلانی دراوسێی كورد، لە زۆر بارودۆخدا لە كورد باشتر نەبوون، بەڵام بە هۆی ئەوەی دەسەڵاتی سیاسیی خۆیان هەبووە، توانیویانە چاكتر برەو و بایەخ بە كولتووریان بدەن و بەپێی قۆناغەكانی مێژوو، باشتر پێشبكەون. ئەو كاتەی میرنشینێك لە ناوچەیەكی لە كوردستاندا دەركەوتووە، زاراوەی ناوچەكە، ڕۆڵی گرنگی لە پێشخستنی زمانی كوردیدا هەبووە و قۆناغی ناوچەیی باشتر و چاكتری بڕیوە، لەچاو ئەو ناوچانەی، كە لە هەمان كاتدا كورد هیچ جۆرە دەسەڵاتێكی بەدەستەوە نەبووە. دەسەڵاتێكی خۆماڵیی خەمخۆر، كاریگەریی باشی لەسەر بوارەكانی ئابووری، كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی گەل و وڵات دەبێت.

لە كوردستاندا دوو جۆر دەسەڵات هەبوون -ئەوانەی لە دەرەوەی كوردستانەوە هاتوون، لەگەڵ ئەوانەی لە نێوخۆی كوردستانەوە سەریان هەڵداوە- كە مێژوویەكی دوورودرێژە بە هۆی بەرگریكردن و خەباتكردن لە بەرامبەر ئەو دوژمنكارییانەدا، شەڕوشۆڕ و ئاشووبێكی زۆر، تووشی كوردستان و گەلەكەی بوونەتەوە، كە هەزاران كێشە و دەردەسەرییان بۆ خەڵكەكەی ناوەتەوە، زۆر جاریش لە نێوان دوو شەڕكەر، یان دوو دەوڵەتی گەورەدا بوون، بەتایبەتیش ساسانی و بێزەنتی، یان عوسمانی و سەفەوی، چارەنووسی خاك و خەڵك، لەژێر ئاگری شەڕ و كوشتاردا، هەر سووتان،ماڵوێرانی و كاولكاری بووە، سەرەڕای ئەوەیش لەگەڵ هاتنی خۆیاندا، كولتوور و چەندین دابونەریتیان لە كوردستاندا بڵاو كردووەتەوە، هەروەها لە ئەنجامی هاتن و شەڕوشۆڕەكانیاندا، هەندێك دابی دیكەیش لە كوردستاندا پەیدابوون و گەشەیان كردووە.[7]

سەرەڕای دەسەڵاتەكانی دەرەوەی كوردستان، لە ناوخۆیشدا هەندێ دەسەڵات هەبوون، وەكوو: میر، بەگ، ئاغا و شێخ، كە هەمیشە لە لایەن دەسەڵاتی باڵایشەوە بایەخیان پێ دراوە. بێگومان جارانیش زۆرێكیان، داردەستێكی دیكەی ئەو دەسەڵاتانە

---

3- سوڵتانی، محەمەد عەلی، ڕاپەڕینی عەلەوییەكان زاگرۆس یا لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی لەسەر ئەهلی حەق، وەرگێڕانی لە زمانی فارسییەوە: حەسەن عەبدولكەریم و كەمال ڕەشید، بڵاوكراوەی خانەی وەرگێڕان، چ: وەزارەتی كشتوكاڵ و ئاودێری، سلێمانی، 2003، ل.8.

4- میران، ڕەشاد (د.)، ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە كوردستاندا، چاپی دووەم، چ: وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2000، ل.7-8.

5- بڕوانە: بوار نوورەدین، ڕەدووكەوتن لە كوردستاندا، بڵاوكراوەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ: سەردەم، سلێمانی، ٢٠٢٣، ل.٢٩-٣٢.

6- خەلیقی، حسێن (د.)، كۆمەڵناسی كوردەواری- بەرگی یەكەم، چ: الحوادث، بەغدا، 1992، ل.138.

7- بڕوانە:

- چەند نووسەرێک، چەند وتارێكی كوردناسی، وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی كوردی: ئەنوەر قادر محەمەد، بڵاوكراوەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2004، ل.331.
- مستەفا، شوان عوسمان، كوردستان و پرۆسەی بەئیسلامكردنی كورد، چاپی یەكەم، چ: تەما، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل.140.
- سابیر، ڕەفیق (د.)، ئیمپراتۆریای لم- دەربارەی ئیسلام و خێڵ و ناسیۆنالیزم، بڵاوكراوەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی دووەم، سلێمانی، 2002، ل.213.
- قاسملوو، عەبدولڕەحمان (د.)، كوردستان و كورد- لێكۆڵینەوەیەكی سیاسی و ئابووری، وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی كوردی: عەبدوڵڵا حەسەن زادە، بنكەی پێشەوا، ناوی چاپخانە و شوێن نادیارە، 1973، ل.41.
- ئۆسكارمان، تحفة مظفریة- بەشی یەكەم، وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی كوردی: هێمن موكریانی، بڵاوكراوەی كۆڕی زانیاریی كورد، چ: كۆڕ، بەغدا، 1975، ل.11.

بوون، کە کوردستانیان داگیر کردووە، کە سەرەڕای ئەو دوژمنە سەرسەختانە، هەندێکیان لە پێناوی مەرام و بەرژەوەندیی خۆیان و ڕازیکردنی سەروەرەکانیاندا، بە شێوەیەکی دیکە خەڵکیان چەوساندووەتەوە.[8]

کورد دەڵێ: دار هۆرەی[9] لە خۆی نەبێت ناقەڵشێ[10]، بێگومان ئەم دەسەڵاتە ناوەندییانەی کوردستان، هەرچەند لە هەندێ ناوچە و کاتدا، ڕۆڵی چاك و باشیان لە پێشکەوتن، کۆنترۆڵکردن و ڕێکخستنی گەلدا، بۆ بەگژاچوونەوە و بەرگریکردنی وڵات هەبووە، لە هەمان کاتیشدا هەندێکیان بە جۆرێکی کاریگەر، کوشندە و ترسناك، ڕۆڵیان لە پەرتکردنی کۆمەڵگە، چەوساندنەوە، داهێنانی باج و سەرانە، زوڵم و زۆریی و دابونەریتەکاندا هەبووە، چونکە ئەم دەسەڵاتە ناوەندییانە برێکی کەمیان لە دانیشتوان پێکهێناوە و فرەتر خەڵکە هەژار و ڕەشوڕووتەکە، گرفتاری هەژاری، تاڵان، سووتان و کوشتن بوونەتەوە.[11]

ئەو دەسەڵاتانەی فەرمانڕەوایی کوردستانیان کردووە، یان ئەو گەلانەی بەسەر گەلی کوردستاندا زاڵ بوون، زۆربەیان خاوەنی ئەو شارستانێتی و کولتوورە نەبوون، کە لە هی خەڵکی کوردستان پێشکەوتوتر بووبێت، بەڵکوو کاریگەریی خراپیان لەسەر کولتووری کورددا بەجێهێشتووە، هەروەها دەیان شەڕ و وێرانکاریی لەم وڵاتەدا پەیدابوون، لە پێناوی هەڵوەشاندنەوە و پەرتکردنی کۆمەڵگەی کوردستانیشدا، هەزاران فرت و فێڵ، دابونەریت و سیاسەتیان بەکارهێنراوە.

کوردستان، بە هۆی سروشتە تایبەتەکەیەوە لە هەندێك قۆناغی مێژوویدا، خاوەنی شارستانی و پێگەیەکی بەرهەمهێنانی ناوچەیی بووە.[12] سروشت بە دیوێکی تردا هاتوچۆکردن و بازرگانی لە خاکی کوردستاندا دووره‌پەرێز کردووە، چونکە سەختی و بوونی بەرزونزمی زۆر لە خاکەکەیدا، هاوسنوور نەبوونی بە کەناری دەریاوە، کە سەرەتای دەستپێکردنی بازرگانیی گەورەی نێوان کیشوەر و نەتەوەکان، تاڕادەیەك بە هۆی دەریاوانییەوە دەستی پێ کردووە، ئەوەندەی دیکە گواستنەوە و هاتوچۆی لە کوردستاندا زەحمەت و قورستر کردووە، کە جگە لەوەی کاریگەریی خراپی بۆ سەر ئابووریی وڵاتدا هەبوو، ڕۆڵی لە دواکەوتن و سستیی بڕینی قۆناغەکانیشدا بەرەو شارستانێتی هەبووە. بێگومان چەند بازرگانی و پەیوەندیی ئابووری لە نێوان گەلاندا هەبێت، ئەوەندە فرەتر کاریگەری لەسەر گواستنەوەی کولتوور، ڕۆشنبیری، پێشکەوتن و شارستانێتیدا دەبێت.[13]

گەلانی کوردستان، هەر بە هۆی سروشتەوە، خاوەنی پیشەی سەرەتایی ژیان بوون و بۆ دروستکردنی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە، کەڵکیان لێ وەرگرتووە. ئەمەیش وایکردووە کەمتر بایەخ بە هێنانی کەلوپەل، گۆڕینەوەی بازرگانی، تێکەڵبوون و مامەڵەکردن، لەگەڵ گەلانی خاوەن شارستانی و پێشکەوتندا بدرێت. ناوەندێکی بازرگانیی گەورە و دیاریش نەبووە، تاکوو بتوانێ وەکوو پردێکی پەیوەندی لەگەڵ ئاڵوگۆڕکردنی کەلوپەلی بازرگانیدا، ئاگاداریی پێشکەوتنی ژیان و مرۆڤایەتی بێت، کۆمەڵگە و تاك، کەڵك لە کولتووری گەلانی پێشکەوتوو وەربگرن و بەپێی قۆناغەکانی مێژوو، گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بە پێچەوانەوە ڕەوشی پێشکەوتن، شارستانی، کولتوور و ئابووری، دواکەوتووە.

کوردستان -لەبەر ئەو هۆکارانەی باسمان کردن- وردەوردە ئەو سامانە نیشتمانییەی لەدەست داوە، چونکە کاریگەرییان لەسەر ڕەوشی هەموو بەشەکانی ژیان، لە پێشکەوتن، شارستانی و بەرهەمهێناندا هەبووە و سست و لاوازیشیان کردووە، هەروەها سروشتی کوردستان، پێگەیەکی تەواوی مانەوە بووە، بەرەو قۆناغی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری، کە تاکوو ئێستایش ئەو سیمایەی لەدەست نەداوە و زۆرێك لە دابونەریت و ڕێوڕەسمەکانی هەر ماون.

**بەشی دووەم: ڕەوشی ژن لەنێو کولتووری کورددا**

---

8- بڕوانە:
- برۆینسین، مارتین ڤان، ئاغا و شێخ و دەوڵەت- بەرگی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل.91-92.
- جەلیل، جاسمێ (د.)، کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی: د. کاوس قەفتان، بڵاوکراوەی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، چ: الحرية، بەغدا، 1987، ل.54.
- خەلیقی، حسێن (د.)، کۆمەڵناسی کوردەواری- بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل.138.
- نورالدين، بوار، إماره بدليس والأمير عبدال خان البدليسي في كتاب أوليا جلبي السياحتنامه- دراسة تحليلية، تأليف: بوار نورالدين، ترجمه الى العربية: علي شمدين، من منشورات دار سردم للطباعة والنشر، مط: سردم، 2011. چاپی دووەم، بڵاوکراوەی دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، چ: کەمال، سلێمانی، 2012.
- فەرەج، ڕووناك، تاك لە کۆمەڵگەی کوردیدا- خوێندنەوەیەکی گشتی سەبارەت بە تاك لە کۆمەڵگەدا، گۆڤاری ڕەهەند، ژ.14و15، 2003، ل.387.
9- هۆرە: پوازی ئەستوور بۆ قڵیشاندنی داری گەورە، کەرتکردن و وردکردنی.
10- قەڵشین: قڵیشان، درزتێبوون، شەقار.
11- قاسملوو، عەبدولڕەحمان (د.)، کوردستان و کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل.197-203.
12- عوسمان مستەفا، شوان، کوردستان و پرۆسەی بە ئیسلامکردنی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل.272.
13- بڕوانە:
- جەلیل، جاسمێ (د.)، ڕاپەڕینی کوردەکان ساڵی 1880، وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی: د. کاوس قەفتان، چ: الزمان، بەغدا، 1987، ل.19.
- قەرەداغی، عەتا، کۆمەڵگای کوردی و پەرسەندنی ناسروشتی، بڵاوکراوەی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ، چ: داناز، سلێمانی، ٢٠٠١، ل.177.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

كولتوور، تەنیا وشــەیەكە و مانا و واتایەكی فراوان دەبەخشــێت، كە هەموو پاشــماوەكانی ماددی و مەعنەویی گەل و نەتەوە دەگرێتەوە، وەكوو: زمان، فۆلكلۆر، ئایین، ئەدەب، كەلەپوور، دابونەریت و هونەر، هەندێ لەو بەشــانەیش، چەند لقێكی دیكەیان لێ دەبێتەوە. لە زمانی كوردیدا وشــەی (فەرهەنگ) لای بەشــێك لە خەڵك و نووســەرانی كورد و لە دیالێكتی كرمانجیی ژووروویشدا، وشەی (چاند) بە هەمان مەبەست بەكاردێت.

یەكێك لەو چەمكانەی دەســەڵاتی داگیركەر بایەخی پێ دەدات و كاری جددی لەســەر دەكات، شــێواندنی كولتووری گەلانی ژێردەستەیە.[14] هەندێ خوێندنەوە و لێكدانەوە، كە تاكوو ئێستا بۆ مێژووی گەلان و زۆر بابەتی كولتووری دەكرێت، مەرج نییە هەموویان بەڵگەی زانستییان لە پشتەوە بێت، بۆ نموونە دابونەریتێك، كە ڕەنگە پتر لە ١٠٠٠ ساڵ لەمەوبەرەوە پەیدا بووبێت، ڕەنگە ســاغكردنەوە و یەكلاییكردنەوەی هەروا ئاســان نەبێت.[15] دابونەریتەكان، بەپێی گۆڕانكارییەكان لەســەر بەشــەكانی كولتوور، پەیدابوون و لەناو كۆمەڵگەدا ڕەگ و ڕیشەیان داكوتاوە.[16]

كــاریگەریی كولتووری گەلانی دەوروبەر، بە شــێوەیەكی ڕاســتەخۆ ڕۆڵی لە پووكــاندنەوەی كۆمەڵگە، پێشــكەوتن و شــارســتانێتیدا هەبووە، بەتایبەتیش ڕۆڵی ئافرەت تێیدا، چونكە هەمیشــە زۆرینەی زەبروزەنگەكان بەرامبەر بە ئافرەت كراون، ئینجا ئەگەر لە ناوخۆوە سەرچاوەیان گرتبێ، یان لە دەرەوەی نیشتمانەوە سەریان هەڵدابێت.

زۆربەی ئەو دابونەریتانەی تاكوو ئێستا لەناو خەڵكدا باون، مەرج نییە لە كولتووری خۆیەوە ســەرچاوەیان گرتبێت، بەڵكوو پێمان وایە كولتووری كورد لەژێر كاریگەریی ئەو هۆكارانەدا، كە پێشــتر باســمان كردن... گۆڕانكاری بەســەردا هاتووە. هەر لەبەرئەمەیش، پێویســتە كەمێك ئاوڕ لە كولتوور بدەینەوە و بزانین: ئایا لەپێشــتردا، كوردســتان و كۆمەڵگە بەگشــتی و ڕەوشــی ئافرەت بەتایبەتی، چۆن و بە چ شــێوەیەك بوون؟ كولتووری خەڵكی كوردســتان، لەژێر كاریگەریی ئەو هۆكارانەی لە بەشــی یەكەمدا باسمان كردن، شێواوە و هێشتا ڕاست نەبووەتەوە، هەروەها كێشە و گرفتی كۆمەڵایەتیی نوێیش پەیدابوون.

بۆئەوەی بە شــێوەیەكی گشــتی باسێكی كولتووری خەڵكی كوردســتان بكەین، دەتوانین كولتووری كوردی بە نموونە وەربگرین، لە لایەكەوە ژمارەی كورد لە نەتەوە و كەمنەتەوەكانی تر زۆرترە، هەر لەبەرئەمەیش زۆرتر كاری لەســەر كراوە، بەتایبەتیش فۆلكلۆری كوردی، كە دەیان لێكۆڵینەوە و كاری مەیدانی لەبارەوە ئەنجام دراوە. ئێمەیش بۆ خوێندنەوەی كولتوور، زۆرتر پشــتمان بە فۆلكلۆر بەستووە، كە ڕەنگە تاكە سەرچاوەیش بێت، بتوانین پشتی پێ ببەستین و كەڵكی لێ وەربگرین.

كولتووری كورد و خەڵكی كوردســتان، دوای ئەم هەموو گۆڕانكارییە مێژوویيانەی بەســەریاندا هاتووە، هێشــتا زۆر بەرفراوانترە لەچاو گەلانی دەوروبەری، سیما و ئاكاری ئافرەت لەناو كولتوورەكەیدا، باشتر و چاكتر دەردەكەوێت، وەكوو لە حاڵ و گوزەرانی ئافرەتی گەلانی دراوسێی كوردستان. ئەوەتا كۆمەڵگەی كوردستان، هێشتا كۆمەڵێك دابونەریتی تێدا ماوە، كە ئاماژەن بۆ ئەوەی، كە شوێن و پێگەی ژن لەنێو كۆمەڵگەكەیدا، باشتر و شیاوتر بووە، بەتایبەتی لەناو گوندنشینەكاندا، كە تاكوو ئێســتایش برێكی كەمی توانراوە پارێزگاری لێ بكرێت وەكوو: خاوەندارێتیی ژن بۆ ســامانی مەڕ و ماڵات، ڕەدووكەوتن، ڕەشبەڵەك، هەرەوەز، نەبوونی عەبا و پەچە.

---

14- ساڵی ٢٠١١، یان ٢٠١٢ بوو، لە بەرنامەیەكی دۆكیۆمێنتاریدا بە ناونیشانی (پرسی قڕان- جینۆسایدی سپی) بەشداریم كرد، كە "فازیل وەلییان" ئامادەی كرد. لە تۆڕی ئەنتەرنێتدا گەڕام، چەند بەشێكی بەرنامەكە هەیە، بڕوانە بەشی چوارەم: https://youtu.be/cbgXzMrvUk8

15- ڤیلچێڤسكی، ئۆ. ل.، نەژادی كورد، ڕەوتی مێژوویی دروستبوونی میللەتی كورد، وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی كوردی: ڕەشاد میران، بڵاوكراوەی دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی موكریانی، چاپی دووەم، چ: خەبات، دهۆك، 2000، ل.81.

16- بڕوانە:

- ڤیلچێڤسكی، ئۆ. ل.، نەژادی كورد- ڕەوتی مێژوویی دروستبوونی میللەتی كورد، سەرچاوەی پێشوو، ل.86.
- عوسمان مستەفا، شوان، كوردستان و پرۆسەی بە ئیسلامكردنی كورد، سەرچاوەی پێشوو، ل.٣٠٠.
- مەردۆخ، شێخ محەمەد، مێژووی كورد و كوردستان- بەشی یەكەم، وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی كوردی: محەمەد فیدا، چ: سەركەوتن، سلێمانی، 1958، ل.61.
- جەلال، ماردین، پرادیگمای ژن- لێكۆڵینەوە، چ: تیشك، سلێمانی، 2005، ل.32.
- السندي، بدرخان (د.)، المجتمع الكردي في المنظور الأستشراقي، منشوارت دار آراس للنشر، مط: وزارة التربية، أربيل، ٢٠٠٢، ل.117.
- ئۆسكارمان، توحفەی موزەفەرییە- بەشی یەكەم، سەرچاوەی پێشوو، ل.11. (زولەیخا) كە هونەرمەندێكی میللیی ناوچەكانی پشدەر و بیتوێن بوو، لە ساڵانی حەفتاكان و هەشتاكانی سەدەی بیستەمدا، لەگەڵ هاوەڵی پیاودا داوەتی شایی و هەڵپەڕكێی دەگێڕا و لەگەڵ پیاواندا شەڕەبەندی دەكرد، ئامێری موزیكیشی لێدەدا و لە تەلەڤیزیۆنی كەركووكیش بەرهەمی تۆماركراوی هەیە، بڕوانە: https://youtu.be/syYTk6fa00w هەروەها بڕوانە: ئەمیر حەسەن پوور (پ.)، دەنگ و ڕەنگی ژن لە ئەدەبی زارەكیدا: پێشەكی كتێبی: سەڵاح پایانیانی، ئەدەبیاتی زارەكیی موكریان- بەشی ژنان، ئێران، چاپی یەكەم، ١٣٩٣ (٢٠١٤)، ل.٢٤-٢٦.
- موكری، كامەران، ئافرەتی لادێیی كورد و سەربەستی، بڵاوكراوەی بەڕێوەبەرێتیی فرۆشگای كتێب بۆ چاپكردن و بڵاوكردنەوەی زانكۆی سلێمانی، سلێمانی، 1978، ل.5.
- فەرەج، ڕووناك، سەرچاوەی پێشوو، ل.383.

زۆربەی ئەو خۆرهەڵاتناسانەی بۆ كوردستان هاتوون، یان گەشتیان بەنێودا كردووە، بەتایبەتی: ڕۆبرت پۆرتەر، كلودیس جیمس ڕیچ، سۆن، شێل، مارك سایكس و مینۆرسكی، ئاماژەیان بە شوێن و كەسایەتیی ئافرەتی كورد كردووە و لە ئافرەتی تورك، عەرەب و فارس، جیایان كردوونەتەوە و بە باشتریان زانیون[17]، كە پێمانوایە ئەوانیش بە تەواوی ئاشنای كولتووری كورد و خەڵكی كوردستان نەبوون و تەنها دیوی دەرەوەیان دیوە.

ڕاستە ئافرەتی كورد لە هەندێ دابونەریت، یان بواری كۆمەڵایەتیدا، لەچاو ئافرەتی گەلانی دراوسێی كورد، سەربەستییەكی فراوانتری هەبووە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێت، كە كولتووری پیاوسالاری پێی بەخشیون، بەڵكوو هەندێكیان بەو هۆیەوە ماونەتەوە، چونكە پیاوسالاری لە زەوتكردنیان سوودمەند نەبووە، بۆ نموونە ئیشكردنی ئافرەت لە لادێكاندا، هەروەها ئەو ماف و ئازادییانەیش، كە لەناو ئەو كولتوورەدا پێچەوانەی ئارەزوو و خواستی پیاوسالاری بووە، هەوڵی زەوتكردن و گۆڕینی دراوە.[18]

ڕەنگە لە كولتووری كورددا، ماف، ژیان و بوونی ئافرەت، مەودایەكی فراوانتری هەبووبێت، دوای هەندێ گۆڕانكاریی مێژوویی، داسەپانی كولتووری بێگانە، خۆویستی و خۆپەرستیی هێز و دەسەڵاتەكانی كورد، شەڕوشۆڕ، كاولكردن و بەتاڵانبردن، دابونەریتی دزێو پەیدابووبن، كە لە بەرامبەریاندا دابێكی وەكوو "ڕەدووكەوتن" سیمبولێكی بەرەنگاربوونەوە بووە، یان وەكوو دابێكی دێرینی كورد، پارێزگاری لێ كرابێت.[19] ئەمە جگە لەوەی لە كۆندا جۆرێك لە جۆرەكانی پێكەوەنانی خێزان و پەیوەندیی نێوان نێر و مێ، شێوازێكی وەكوو ڕەدووكەوتنی هەبووە[20].

هەورامان، كەمتر كاریگەریی كولتووری عەرەبی كەوتووەتە سەر، چونكە درەنگتر هاتوونەتە سەر ئایینی ئیسلام و زۆرێك لەو دابونەریتانەی، كە لە ناوچەكانی دیكەدا بەرامبەر بە ژن كراون، لە هەوراماندا نین، یان زۆر كەمن.[21] هەروەها كەمتر لە مێژوودا باسی شەڕوشۆڕەكان كراوە، كە لە هەوراماندا ڕوویان دابێت.[22]

قۆناغێكی دیار و درێژخایەنی كۆمەڵگەی كوردستان، قۆناغی ئاژەڵداری بووە، كە بینەقاقای ئاژەڵداری كۆچی گەرمیان و كوێستان، تێكەڵاوی چین و توێژەكانە. ئافرەتی كوردستان، تاكوو ئێستایش دوو پێگەی جیاوازی لە كولتووردا هەیە، یەكێكیان تارادەیەك ڕەگێكی قۆناغی مێسالاریی ناو قاڵبە خێڵەكییەكەیە، وەكوو: ڕەدووكەوتن، كاركردن، بەڕێوەبردنی ماڵ، خاوەندارێتی و بەخێوكردنی مەڕ و ماڵات، دروستكردن و بەرهەمهێنان. دووەمیان لەژێر پەستان، زەبروزەنگی كولتوورێكی پیاوسالاریی توندڕەو و كاریگەردا، بەژێر بارێكی گرانەوە بووە. سەرباری ئەمانەیش، هێشتا پێگەی تەواوی كولتووری لەدەست نەداوە، كە ئەمەیش جۆرێكە لە شێواویی كولتووری خەڵكی كوردستان، كە ناتوانرێت بە ئاسانی لێكۆڵینەوەی لەبارەوە بكرێت.

بە هۆی ئەوەی ژنان توێژێكی چەوساوەی كۆمەڵگە بوون، زۆربەی دابونەریتەكان لە بەرژەوەندیی پیاوسالاری بوون و بەسەر ئەماندا جێبەجێ كراون. هەروەها ئایین و ئایینزاكانی كوردستان تاكوو ئێستایش ڕۆڵیان لەسەر بڕیارەكانی مارەكردن و بەشوودان، حەڵاڵ و حەرامكردن، تەنانەت كوشتن و ئەتككردنیشدا هەیە، كە زۆربەی ئەمانە لە بەرژەوەندیی پیاوسالاری بوون و كاردانەوەكانیان بەسەر ژنەوە هەبووە.

بەشی سێیەم: هەندێ نموونەی هاواری ژن لە فۆلكلۆری كوردیدا

فۆلكلۆر، كۆڵەكەیەكی گرنگی كولتوورە، بەتایبەتی لەناو گەلی كورددا. هەروەها سەرچاوەیەكی بێگەردە و دوور لە لێكۆڵینەوەی لەم جۆرە، كۆكراوەتەوە و زۆر كەم بە دیدی ڕەخنەگرانەوە كاری لەسەر كراوە، بۆ خوێندنەوەی باری كۆمەڵایەتیش، كەمتر بەكارهاتووە[23].

17- بڕوانە: خەلیقی، حسێن (د.)، كۆمەڵناسی كوردەواری- بەرگی دووەم، چاپی یەكەم، بەغدا، 1992، ل.131-132.

18- بڕوانە: پوور ، ئەمیر حەسەن (پ.)، دەنگ و ڕەنگی ژن لە ئەدەبی زارەكی دا، سەرچاوەی پێشوو، ل.١٤.

19- بڕوانە: نوورەدین، بوار، ڕەدووكەوتن لە كوردستاندا، سەرچاوەی پێشوو، پاشكۆ- بابەتی د .دڵشاد زاموا ل.٢٥٥-٢٦٠. هەروەها پێرستی ئەو سەرچاوانەی بابەت و لێكۆڵینەوەیان لەبارەی (ڕەدووكەوتن) تێدا بڵاوكراوەتەوە ١٨٦٠- ٢٠٢٠، ل٢٩٣-٢٩٦. بابەتی تەها بابان، كامەران موكری، د. بەدرخان سندی و نەوشیروان مستەفا.

20- بڕوانە: پایانیانی، سەلاح، ئەدەبیاتی زارەكیی موكریان- بەشی ژنان، سەرچاوەی پێشوو، ل.١١. هەروەها بڕوانە: گۆیژە زەنگەنە، ئافرەت لە چوار ئاییندا (یەهودی، زەردەشتی، مەسیحی، ئیسلام)، ناوی چاپخانە نادیارە، سلێمانی، 1999، ل.59.

21- بڕوانە: نوورەدین، بوار، ڕەدووكەوتن لە كوردستاندا، سەرچاوەی پێشوو، پاشكۆ- بابەتی هومایون ساحیب، ل.٢٧٣-٢٧٨.

22- نوورەدین، بوار، ڕەدووكەوتن لە كوردستاندا، سەرچاوەی پێشوو، چاوپێكەوتنی ساڵح حەیدۆ ، ل٢١٩-٢٣، مەزڵووم دۆغان، ل.٢٣٦-٢٤٥.

23- بڕوانە: ئەحمەد، ئاسۆ، كەلەپوور و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە، پێشەكیی كتێبی بوار نوورەدین، دەنگی مێینە لە گۆرانیی فۆلكلۆری كوردیدا، بڵاوكراوەی ئنستیتیوتی كەلەپووری كورد، بە هاوكاریی ڕێكخراوی .N.P.Aی نەرویجی، چ: شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل.٩-١٠، هەروەها بۆچوونی چەند نووسەرێک كە لە هەمان سەرچاوەدا ئاماژەیان پێ كراوە، ل.22-23.

هەندێ نووسەری کورد و خۆرهەڵاتناس، فۆلکلۆری کوردی بە سامانێکی دەوڵەمەند، ڕەسەن، بەپێز و هەمەڕەنگ دەناسێنن، تەنانەت بە گوڵدەستی فۆلکلۆری گەلانی ئاسیا و جیهانیش ئاماژەیان پێ کردووە. هەروەها کاری کردووەتە سەر ئەو کەسانەی، کە بۆ گەڕان، یان بۆ کاری ئایینی و سیاسی هاتوونەتە کوردستان و هەندێکیان بەشێك لە فۆلکلۆری کوردییان کۆکردووەتەوە، وەکوو: ئۆسکارمان، ئەبۆڤیان، ڕۆژە لیسکۆ، ڤاسیل نیکتین، مار و مینۆرسکی... تاد[24].

فۆلکلۆری کوردی بە چەند هۆکارێک دەوڵەمەند و فراوان بووە، کە ئەوانیش: مێژوو، سروشت، دابونەریت، ئایین، زمان، جەنگ، نەخوێندەواری، سروشتی مرۆڤی کورد و پێکهێنانی خێزان[25]، کە ئەمەی دواییان بە لێکۆڵینەوە لەبارەی (ڕەدووکەوتن) پشتڕاست کراوەتەوە. لەم نۆ هۆکارەدا، هەر چوار هۆکاری (دابونەریت، ئایین، نەخوێندەواری و پێکهێنانی خێزان)، کاریگەریی تەواویان بەسەر دەنگی ژن لەنێو فۆلکلۆری کوردیدا هەبووە.

لەنێو زۆربەی کۆمەڵگەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، ڕێژەی نەخوێندەواری لەنێو توێژی ژناندا زۆرترە، لەبەرئەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری لە کوردستان بە گشتی و لە ناو توێژی ژناندا بەتایبەتی زۆتر بووە و دەنگیان فرەتر ڕژاوەتە ناو دەریای فۆلکلۆرەوە، دیارە هەندێ شاعیری مێینەمان لەدەستداوە و ناو و نازناو و شوێنەواریان کوێر بوونەتەوە.[26]

خێزان، کە لە ئەنجامی دابونەریتەکان و بریارەکانی ئایینەوە پێکهێنراوە، زۆربەی هەرە زۆری ئەنجامی خراپ و کارەساتەکانی بەسەر ژندا کەوتوونەتەوە. کەواتە دەتوانین بڵێین: ئەمانە هۆکارێکی گرنگی دەنگهەڵێنانی ژن و کچی کورد بوون و زۆر بە جوانی پاساوی دەنگی ژنمان بۆ ڕاست دەکەنەوە، کە هیچ گومانی تێدا نییە دەنگێکی زۆری ژن ڕژاوەتە نێو فۆلکلۆری کوردییەوە.

ڕەنگە کەسانێك پێیان وابێت، گوایا ئەو نموونانەی لە تێکستی فۆلکلۆری کوردیدا تۆمار کراون، هەڵبەستراوی هزری نێرینە بن، کە پێمان وایە ئەم بۆچوونە هەڵە بێت، چونکە ڕەنگە پیاو نەتوانێ ببێتە دەربڕی هەستەکانی ژن. ئەگەر لە دانانی پیاویش بێت، بێگومان دەبێ پێشتر کارێکی لەمجۆرە ڕووی دابێت، تاکوو کەسێك (پیاو یان ژن)، ببێتە دەربڕی بابەت و ڕووداوەکە.

بەشداربوونی ژن بە شێوەیەکی فراوان لە دارشتنی تێکستی فۆلکلۆریدا، بەڵگەیەکی دیکەی سەلماندنی شوێن و بوونی ئافرەتە، لە کولتووری دێرینی کورددا. هەر دوو دۆخەکە، کاریگەرییان لەسەر ڕۆڵی ئافرەت لە وەسەریەکنانی فۆلکلۆری کوردیدا هەبووە، کە زۆر بە جوانی جێگە و دەنگی ئافرەت دەبینرێت.[27]

ئەگەر تەماشای خشتەی ناوی ئەو کەسانە بکەین، کە وەکوو سەرچاوە بۆ کتێبی فۆلکلۆری کوردی تێکستیان لێ وەرگیراوە، زۆر بە دەگمەن ناوی ئافرەتیان تێدا دەبینین، بەتایبەتی لە کۆکردنەوەی تێکستی گۆرانی و پەندی پێشینانداً.[28] لەگەڵ ئەمەیشدا، پێمان وایە ئەگەر بە وردی بەناو سەرچاوەکانیدا بگەڕێین، ئەو تێکستانە دەدۆزینەوە، کە بۆ هەندێ لایەنی کولتووری کورد، زانیاریمان پێ دەدەن.[29]

بەشێکی ئازارەکانی مرۆڤ، لەناو تێکستی فۆلکلۆری و بەتایبەتیش گۆرانیدا تۆمار بوون، چونکە جگە لەوەی گۆرانی یەکێکە لە هۆکارەکانی دەربڕین، ئەو زوڵم و زۆر و ستەمکردنەی هەبووە، هێندەی تر ڕەنگدانەوەی بەسەر دەربڕینی هەست و نەستی مرۆڤەکاندا هەبووە، کە بەشێکیان ڕژاونەتە نێو فۆلکلۆرەوە و بوون بە دەنگ، هەست، یادگار و بیرەوەریی مرۆڤەکان.[30] لەم چەند نموونەیەدا دەتوانین هەندێ لەو ژان و هاوارانەی ژن بدۆزینەوە:

نموونەکان

١- نارەزایی

(دەڤێ تە، نە دەڤێ سترانێ، ڕویکێ تە، نە ڕویکێ ڕاموسانێ

هەکە ژ شەرما، باب و برا نەبا، دا تە کەم کەرۆ، بەردەم گارانێ)[31]

24- بڕوانە: ڕەسووڵ، عیزەدین مستەفا (د .)، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، 1979، ل.١٠-١١.

25- بڕوانە: نوورەدین، بوار، دەنگی مێینە لە گۆرانیی فۆلکلۆری کوردیدا، سەرچاوەی پێشوو، ل.١٥-١٩.

26- کاکەیی، هەردەوێڵ، هەڵبژاردەیەك لە هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی ناوچەی گەرمیان، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، چاپخانەی حوادث، بەغدا، 1985، ل.44-45.

27- بڕوانە: پوور ، ئەمیر حەسەن (پ.)، دەنگ و ڕەنگی ژن لە ئەدەبی زارەکی دا، سەرچاوەی پێشوو، ل.١٤.

28- بڕوانە: نوورەدین، بوار، دەنگی مێینە لە گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا، سەرچاوەی پێشوو، ل.37.

29- بڕوانە: نوورەدین، بوار، ڕەدووکەوتن لە کوردستاندا، سەرچاوەی پێشوو، بەشی دووەم، ل٤٥-٨٦.

30- نووسەری ئەم بابەتە پێشتریش کەڵکی لە فۆلکلۆری کوردی وەرگرتووە، بەتایبەتیش لەپێناوی لێکۆڵینەوەی مێژووی کورددا، بڕوانە: ناسر و حەفید و ئەوانی تر، یادنامەی شێخ مەحموودی حەفید، بڵاوکراوەی بنکەی ژین، چ: شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٦: نوورەدین، بوار، شێخ مەحموودی حەفید لە گۆرانیی فۆلکلۆری کوردیدا، ل.٣٤٧-٣٧٨.

31- هەمان سەرچاوە، ل.299.

(بمنێی لە قەڵات، قەڵات دەڕمێنم    بمنێی لە شووشە، شووشە دەشکێنم
بمدەی بە پیران، خۆم دەخنکێنم    بمدەی بە جاحێڵ، خۆم دەخەمڵێنم)[32]
(بە کاکم بڵێن لە دیومخانێ    بە بابم بڵێن، لە بەر هەیوانێ:
دەمدەن بە دڵی خۆم، بۆی دەچمە ماڵێ    نەمدەن بە دڵی خۆم، بۆی دەچمە سواڵێ)[33]
(دەلینگ هەڵدەکەم دەچمە نێو قوڕێ    مێردی پێدەکەم عالەم بدڕێ
دەلینگ هەڵدەکەم دەچمە نێو ئاوێ    مێردی پێدەکەم، خەڵك بەر باوێ)[34]
(دایە مەمدە بە جۆلا    بابە مەمدە بە جۆلا
جۆلا تەقە تەقیەتی    دوو پول و نیو حەقیەتی
ئەویش کرێی ژنیەتی    دایە مەمدە بە جۆلا
جۆلا پێچاڵی تەنگە    تری دەڵێی تفەنگە
"[35]"    دایە مەمدە بە جۆلا
چاوم کەوتووە وە گونی    وەك پشیلەی کورکنی[36]
کافر نەبێ وە ژنی    دایە مەمدە بە جۆلا
چاوم کەوتووە وە کێری    پێچپێچ وەك شاخە نێری
کافر نەکەوتە ژێری    دایە مەمدە بە جۆلا)[37]
(بابە کۆستکەوتووبی، قەت کەست نەمێنێ
ئەگەر برینجی پچێنی داڕووجانی بێنێ
ئەگە گەنمی دەچێنی زیزانەی بێنێ
مەمدەوە بە پیرێکی لەوانی بێ ئیختیاری
حەفتا ساڵە، ئەگە دە سێباری شەوێدا
پشتا خۆم پێ هەڵدەکڕێنێ
نا وەڵڵا بمدەنەوە بە کوڕە جحێڵەکەی
چاردە ساڵەی سمێڵ سۆسەنی
ئەگەر هەموو ئێوارە و سبەینان سوار دەبوو
بە نە زەری ڕەشەڕاوێ، وەك قەدی دە فیشەکدانان،
بە ناو کۆڵی خۆمدا بشەتێنێ[38])[39]
٢- شیربایی
(هەر من لێرە غەریبم
ئەوە ڕۆیشتم ئیتر ناگەڕێمەوە،
بۆ لای دایك و باوکم
بەو فرمێسکەی دەیرێژم و
ئەو ماڵئاواییەی لێیان دەکەم،
من نەبێ، غەریبەی تر لێرە نییە
من وەك دەسڕەیەکی ئەرخەوان ڕەنگم
لەناو بێگانادا جوان دێمە بەرچاو
بێزارم لەو نانە، کە دایکم بە منی دا

---

32- شەریف، محەمەد کەریم، فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری، چاپی یەکەم، چاپخانەی شیمال ـ کەرکوك، 1974، ل.٣٩.
33- پایانیانی، سەڵاح، کانی مرادان- کۆمەڵێك بەند و ئاوازی فۆلکلۆری موکریان، چاپی یەکەم، چاپخانەی مهاباد، ورمێ- ئێران، 2002، ل.٨٠.
34- سەڵاح پایانیانی، کانی مرادان- کۆمەڵێك بەند و ئاوازی فۆلکلۆری موکریان، سەرچاوەی پێشوو، ل.٥٤.
35- لە سەرچاوەکەدا. ئەم نیوەدێڕە نەنووسراوە.
36- کورکن: تووکن، مووآوی.
37- وردی، محەمەد تۆفیق، فۆلکلۆری کوردی، چاپی یەکەم، بەشی سێیەم و چوارەم، چاپخانەی قەزا ـ نەجەف، 1971، ل.٣٨.
38- بشەتێنێ: بمبەستێتەوە، شەتەکمدا ، تووندمکا.
39- بەحری، ئەحمەد، گەنجی سەر بە مۆر، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، چاپخانەی سەردەم ـ سلێمانی، 2000، ل.١٧٠.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بۆ شیربایی دەمفرۆشن،
منی كلۆڵ دەدەن بەو پیرەمێردە)[40]
(كوڕكۆ دینۆ...
ڤێ بارانێ چركەچركە
جانی پێ بینە، ماهینە جلكە
چنگلێ من بگرە و برەڤینە
ببە زوزانا چ خوش وارە
چ خوش ملكە
كێ دیتییە دەورێ حەفت زەمانا
كچ بو بابێ بویە ملكە؟!)[41]

بەپێی ئەم تێكستە بێت، دیارە ئەم دابونەریتانە تاڕادەیەك نامۆ بوون، لەبەرئەمە وا هاواری لێ هەستاوە و حەوت قۆناغ بە مێژوودا گەڕاوەتەوە، داد و پرسیار لە دەست هاتنەكایەیان دەكات، كە مافی ژنیان لە كۆمەڵگەی كوردستاندا زەوت كردووە.

٣- ژنبەژن:

(حەیرانێ وەرە لە خۆم ڕەبەنێ[42] دراو بە كۆشەی[43] زێڕ بە لەگەنێ[44]
ئەتۆ چ خوشكی دە دای و بابیت نینە ئەگە بیدەیەوە لەبەر خوێنی من
ئەمیشت بە ماڵۆكەی دنیایە نادەنێ)[45]
(نامەكەت گەیی، نامە سەرچاوم قەستەم بەو نامەت، بەژن دراوم)[46]

(ئەی هەتیومكەی ڕووتوڕەجاڵ دەچی بۆ شاران، بۆم مەكڕە كوتاڵ
من دەدەن بەژن، خۆ نامدەن بە ماڵ)[47]

٤- زاوارە، زاوابەند، زاوارێوی:

(سەد سوارم بۆ بێ، بدرێ لە ڕێزێ هەر شوانەی دەكەم، مەر لە پەرێزێ)[48]
(هەی شوانە شوانە، عەزیزی ماڵێ هەر شوانەی دەكەم، بە شەرتی ساڵێ)[49]
(هەرێ شڤانۆ، شڤانۆ، شڤانێ ڤی بزنی تە كالك[50] ڕەشە، شروخا[51] ڤەچنی
ئەز دزانم، تە ژ بەر منە، ئەڤە شەش سالە، تو شڤانێ بابێ منی)[52]

٥- ژن بەسەر هێنان:

(دەڕۆم لە ڕێ ڕێیە چزووم[53] دێتە پێیە
لە ترسی هەوێیە
هەوێ سەری لە قوڕێ نێ بە بەڕێم[54] دەنوێنێ

---

40- نیكیتین، ڤاسیل، كورد و كوردستان- لێكۆڵینەوەی كۆمەڵناسی و مێژوویی، وەرگێرانی لە زمانی فارسییەوە: خالید حسامی (هێدی)، چ: زانكۆی سەڵاحەدین، هەولێر، 1998، ل.٣٤٠.
41- بادی، ئیسماعیل، حەیرانۆك: ڤەكۆلین و دەق، چاپی یەكەم، چ: خەبات، دهۆك، 2001، ل.86.
42- ڕەبەن: سەڵت، ژنی بێ مێرد، پیاوی بێ ژن.
43- كۆشە: مەبەست لە كۆش و باوەشە.
44- لەگەن: جۆرە دەفرێكە لە مس دروست دەكرێت، بۆ شتنەوەی برنج و پێداویستیی خواردن بەكاردێت و چەند پێوانەیەكی جیاوازی هەیە.
45- پاپانیانی، سەڵاح، كانی مرادان- كۆمەڵێك بەند و ئاوازی فۆلكلۆری موكریان، سەرچاوەی پێشوو، ل.179.
46- پاپانیانی، سەڵاح، ئەدەبیاتی زارەكیی موكریان- بەشی ژنان، سەرچاوەی پێشوو، ل.١٣٤.
47- هەمان سەرچاوە، ل.١٥٢.
48- پاپانیانی، سەڵاح، ئەدەبیاتی زارەكیی موكریان- بەشی ژنان، سەرچاوەی پێشوو، ل.١٢٨.
49- پاپانیانی، سەڵاح، ئەدەبیاتی زارەكیی موكریان- بەشی ژنان، سەرچاوەی پێشوو، ل.١٤٠.
50- كالك: كالە، پێڵاو.
51- شروخ: پووزەوانە.
52- جەعفەر، حجی، حەیرانۆك ژ كەلەپوورێ كوردی- بەشی یەكەم، چاپی یەكەم، چ: ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، 1989، ل.48.
53- چزوو: ئەو نووكە تیژە باریكەیە كە لە گیانلەبەرە ژەهردارەكان دێتەدەرێ، بە نووكی چەقۆش دەگوترێ.
54- بەڕێم: بەڕێ، بەرە، ڕایەخ، مافووری چنراوی میللی.

لانکەم پێ ڕادەژێنێ)[55]

٦- کریڤ و کریڤایەتی

(ب شەڤ دۆستی لێ، ڕۆ[56] کریڤی لێ

بەژنێ بەژنێ لێ بەژنا کێ،

ب شەڤ دۆستی لێ، ڕۆ کریڤی لێ

زەر قەلەم ئو من ب گۆری)[57]

٧- ئایین

(دەسرۆکەی دەستت پڕ لە پوولەکە                لە دوای باڵای تۆ بووم بە جوولەکە)[58]

(حەیران لە چۆلان، لە چۆلی دە شامێ

ئەوە سەڵا و سێسەد سەڵای دە دنیایەم لێ ڕابوو

دوێنێم خەبەری هەتیوەلاوێ خۆ زانیوە

بە دەستێکە نیزامان دەیانبرد بۆ بن داری ئیعدامێ

شەرت بێ دەچمە سەر تێلان، تێلگرافان، کن پیاوماقووڵان

ئەگەر تکایەم نەگرن، خۆم داوێمە بن ئاڵای ڕووسی،

حاشا دەکەم لەوێ دینێ ئیسلامێ)[59]

٨- خوازبێنی

(مەلای مارەبڕ ئیمانت نییە                ناپرسێ کچۆڵێ دڵخوازت چییە)[60]

(شۆکەی نابەدڵ، هەر ئەمن کردم                بە زەبری خەنجەر، مارەیان کردم)[61]

٩- خۆشەویستی

(حەیرانێ وەرە لە باسکۆڵەی بەرشەگوێنی

ئەوڕۆ سێ ڕۆژە ئەمن زانیومە ئەتوو ژنێ دێنی

یاخوڵا ئەگە لە من چاترە، خوڵا پێکوبێڵی

دەنا ئەگە لە من خراترە، خوڵا لێکوبستێنی)[62]

١٠- پشتوپەنا

(کوڕکۆ دینۆ... دێ چنگلێ من بگرە و برەڤینە

ب بە مالا سۆفی عەبدالا ئاغایی

قەدیم و زەمان مالەکا مێرینن

دێ من ب حەلالی ل خو مارکەی)[63]

١١- مەسڵەت

(کوڕکۆ دینۆ، نەڕاوەستە ل بەر دەرا                وەرە چنگلێ من بگرە ببە نسرا

بابێ من کچکێ مەجبوورە بکەت سولحێ                ژ بەر مالێ دنێ، ژ بەر پەرا.)[64]

١٢- هەڵاتن

(ڤێ بارانێ، چرکەچرکە،                گەورێ بەردە، شینبۆزێ چلکە

چنگلێ من بگرە برەڤینە،                ببە حەڤت دەولەتا، ل ملێ تورکە.)[65]

---

55- غالب، ئۆرخان، چەند باسێکی ئەدەبی، چاپی یەکەم، چ: نەورەس، سلێمانی، 1984، ل.16-17.

56- ڕۆ: ڕۆژ.

57- ئەم سترانە لە ماڵپەری (www.ronibaran.de) وەرگیراوە.

58- پایانیانی، سەڵاح، ئەدەبیاتی زارەکیی موکریان- بەشی ژنان، سەرچاوەی پێشوو، ل.١١٩.

59- پایانیانی، سەڵاح، ئەدەبیاتی زارەکیی موکریان- بەشی ژنان، سەرچاوەی پێشوو، ل.٢٦١.

60- هەمان سەرچاوە، ل.١٤٠.

61- هەمان سەرچاوە، ل.١٤٠.

62- پایانیانی، سەڵاح، ئەدەبیاتی زارەکیی موکریان- بەشی ژنان، سەرچاوەی پێشوو، ل.٢٤٥.

63- بادی، ئیسماعیل، حەیرانۆک: ڤەکۆلین و دەق، سەرچاوەی پێشوو، ل.85.

64- خەیات، عەبدولعەزیز، حەیرانۆك، چاپی یەکەم، چ: وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢، ل.12.

65- جەعفەر، حجی، حەیرانۆك ژ کەلەپوورێ کوردی- بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل.251.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

١٣- تۆڵە بە هەڵگرتن

(مەشکم مەشکێ گیسکۆڵێ هەڵلا دەوار زەندۆڵێ
کاکم هەڵگرێ زەردۆڵێ هەستم دەچم لە تۆڵێ)[66]

١٤- کێشەی ئابووری

(مەشکەم مەشکەی مانگایە لۆلەپ لە دارخورمایە
چوار پووت ڕۆنی تێدایە دوو پووت خەرجیی ئاغایە)[67]

(بە کاکم بڵێن لە دیوەخانێ بە بابم بڵێن لە بەرهەیوانێ
دەمدەن بە دڵی خۆم، بۆی دەچمە ماڵێ نامدەن بەدڵی خۆم، بۆی دەچمە سواڵێ)[68]

د گۆلێدا

(ها دگۆلێدا د گۆلێدا[69] وی کوڕۆ خالۆ د گۆلێدا
گوستیلا م دتلێدا تلێ[70] من چەعڤێ دێدا[71]
وێ د گۆلا، گوندێ مەدا من خواست و باڤێ نەدا
باڤێ دا، ئاپێ نەدا ئاپێ دا، خالێ نەدا
خالێ دا، برێ نەدا چەعڤ بەردا بوون، حەفسەدا
ڕەڤاندو، بر سەرحەدا م ل کەسی هۆ ڤەنەدا[72]
قروشەك قەلەن نەدا)[73]

66- پایانیانی، سەلاح، ئەدەبیاتی زارەکیی موکریان- بەشی ژنان، سەرچاوەی پێشوو، ل.٢١٩.
67- پایانیانی، سەلاح، ئەدەبیاتی زارەکیی موکریان- بەشی ژنان، چاپی یەکەم، تێران، ١٣٩٣ (٢٠١٤)، ل.١٩٦.
68- پایانیانی، سەلاح، ئەدەبیاتی زارەکیی موکریان- بەشی ژنان، سەرچاوەی پێشوو، ل.١٦٤.
69- گۆل: گۆم، چاڵە ئاوی باران.
70- تل: پەنجە، ئەنگوشت، ئەنگوست.
71- دێدا: دایکی.
72- م ل کەسی هۆ ڤەنەدا: من ئازا و بوێرم و لە کەس ناترسم.
73- بڕوانە: نوورەدین، بوار، ڕەدووکەوتن لە کوردستاندا، سەرچاوەی پێشوو، ل.٢٢١.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**ئەنجام**

١- کۆمەڵگەی کوردی وەکوو هەر کۆمەڵگەیەکی تر، ململانێ و بەربەرەکانیی سروشتیی نێوان چین و توێژەکانی تێدا بووە، بەڵام بە چەند هۆکارێکی وەکوو: ئایین، دەسەڵات و سروشت، قۆناغەکانی مێژووی بە شێوەیەکی ئاسایی نەبڕیوە، سەرئەنجام خێزان بەگشتی و مێینە بەتایبەتی، لە دۆخێکی خراپدا بوون و کۆمەڵێك دابونەریت بەنێو ئەم کۆمەڵگەیەدا بڵاوبوونەتەوە و شیرازەیان تێکداوە.

٢- سەرباری ئەو قۆناغە سەختانەی بەسەر کۆکردنەوەی فۆلکلۆری کوردیدا هاتوون و ژن-یش زۆر بە کەمی وەکوو سەرچاوەی کۆکردنەوەی فۆلکلۆری کوردی کەڵکی لێ وەرگیراوە، توانیمان چەند نموونەیەک لە دەنگ و هاواری ژن بدۆزینەوە، کە لە ئەنجامی زەبروزەنگی کولتووری پیاوسالاری، لە فۆلکلۆری کوردیدا تۆمار بوون و بەشێکیان لەگەڵ تێکستی تردا تێکەڵاو بوون.

٣- دەتوانین کەڵک لە فۆلکلۆری کوردی وەربگرین و وەکوو سەرچاوەیەک بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی و بەتایبەتیش کۆمەڵناسی پشتی پێ ببەستین.

**ڕاسپاردە**

١- بایەخی زۆرتر بەو لایەنانەی کولتووری کورد بدرێت، کە دەتوانرێت وەکوو نموونەیەکی باش دیاری بکرێن و بۆ ئێستا و داهاتووی کورد، کەڵکیان لێ وەربگیرێت و زیندوو بکرێنەوە.

٢- لە ڕێگەی ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردن، کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی وەکوو: تەلەڤیزیۆن، گۆڤار و ڕۆژنامەکانەوە، کار بۆ باشترکردنی ڕەوشی کۆمەڵگە بەگشتی و ژن بەتایبەتی بکرێت.

٣- لێکۆڵەران و بەتایبەتیش لێکۆڵەری ناوەندەکانی ئەکادیمی و زانستیی هەرێمی کوردستان، زۆرتر ئاوڕ لە فۆلکلۆر بدەنەوە و وەکوو سەرچاوەیەک پشتی پێ ببەستن، کەلێنی کەمیی ئەرشیفی پێ پڕ بکەنەوە.

٤- لەپێناوی دۆزینەوە و دەرخستنی هۆکاری سەرهەڵدانی هەندێ کێشە و بەتایبەتیش بواری کۆمەڵناسی، کەڵکی زۆرتر لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی وەربگرین، کە ڕەنگە بتوانین ڕەگ و ڕیشەی زۆر کێشەی کۆمەڵایەتی تێدا بدۆزینەوە.

**سەرچاوەکان**

کتێب:

1) ئاسۆ ئەحمەد، کەلەپوور و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە، پێشەکیی کتێبی بوار نوورەدین، دەنگی مێینە لە گۆرانیی فۆلکلۆری کوردیدا، بڵاوکراوەی ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد، بە هاوکاریی ڕێکخراوی N.P.A.ی نەرویجی، چ: شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤.

2) ئۆرخانی غالب، چەند باسێکی ئەدەبی، چاپی یەکەم، چ: نەورەس، سلێمانی، 1984.

3) ئۆسکارمان، تحفة مظفرية- بەشی یەکەم، وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی: هێمن موکریانی، بڵاوکراوەی کۆڕی زانیاریی کورد، چ: کۆڕ، بەغدا، 1975.

4) ئۆ. ل. ڤیلچێڤسکی، نەژادی کورد، ڕەوتی مێژوویی دروستبوونی میللەتی کورد، وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی: ڕەشاد میران، بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی دووەم، چ: خەبات، دهۆك، 2000.

5) ئیسماعیل بادی، حەیرانۆك: ڤەکۆلین و دەق، چاپی یەکەم، چ: خەبات، دهۆك، ٢٠٠١.

6) ئەحمەد بەحری، گەنجی سەر بە مۆر، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، چاپخانەی سەردەم ـ سلێمانی، 2000.

7) ئەمیر حەسەن پوور (پ.)، دەنگ و ڕەنگی ژن لە ئەدەبی زارەکیدا: پێشەکی کتێبی: سەڵاح پایانیانی، ئەدەبیاتی زارەکیی موکریان- بەشی ژنان، چاپی یەکەم، ئێران، ١٣٩٣ (٢٠١٤).

8) بوار نوورەدین، ڕەدووکەوتن لە کوردستاندا- لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- شیکارییە، بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ: سەردەم، سلێمانی، ٢٠٢٣.

9) بوار نوورەدین، دەنگی مێینە لە گۆرانیی فۆلکلۆری کوردیدا، بڵاوکراوەی ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد، چ: شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤.

10) بوار نورالدين، إمارە بدليس والأمير عبدال خان البدليسي في كتاب أوليا جلبي السياحتنامە- دراسة تحليلية، تألیف: بوار نورالدين، ترجمه الى العربية: علي شمدين، من منشورات دار سردم للطباعة والنشر، مط: سردم، 2011. چاپی دووەم، بڵاوکراوەی دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، چ: کەمال، سلێمانی، 2012.

11) بدرخان السـندي (د.)، المجتمع الكردي في المنظور الأسـتشـراقي، منشـوارت دار آراس للنشـر، مط: وزارة التربية، أربيل، ٢٠٠٢.
12) تـاهير مەلا عەبـدوڵڵا بەحرکەیی (مەلا)، مێژووی زانـایـانی کورد- بەرگی یەکەم، دووەم و سـێیەم، بڵاوکراوەی کۆڕبەندی هزری ئیسلامی لە کوردستانی عیراق، چاپی یەکەم، چ: ئاراس، هەولێر، 2010.
13) د. جاسـمێ جەلیل، کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسـمانی، وەرگێڕانی بۆ سـەر زمانی کوردی: د.کاوس قەفتان، بڵاوکراوەی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، چ: الحرية، بەغدا، 1987.
14) د.جاسمێ جەلیل، ڕاپەڕینی کوردەکان ساڵی 1880، وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی: د.کاوس قەفتان، چ: الزمان، بەغدا، 1987.
15) حجی جەعفەر، حەیرانۆك ژ کەلەپورێ کوردی- بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، چ: ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، 1989.
16) د. حسێن خەلیقی، کۆمەڵناسی کوردەواری- بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چ: الحوادث، بەغدا، 1992.
17) د. حسێن خەلیقی، کۆمەڵناسی کوردەواری- بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی حوادث، بەغدا، 1992.
18) چەند نووسـەرێک، چەند وتارێکی کوردناسـی، وەرگێڕانی بۆ سـەر زمانی کوردی: ئەنوەر قادر محەمەد، بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2004.
19) د. ڕەشاد میران، ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، چاپی دووەم، چ: وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2000.
20) د. ڕەفیق سـابیر، ئیمپراتۆریای لم- دەربارەی ئیسـلام و خێڵ و ناسـیۆنالیزم، بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و پەخشـی سەردەم، چاپی دووەم، سلێمانی، 2002.
21) سـەڵاح پایانیانی، کانی مرادان- کۆمەڵێك بەند و ئاوازی فۆلکلۆری موکریان، چاپی یەکەم، چاپخانەی مهاباد، ورمێ- ئێران، 2002.
22) شوان عوسمان مستەفا، کوردستان و پرۆسەی بەئیسلامکردنی کورد، چاپی یەکەم، چ: تەما، سلێمانی، ٢٠٠٢.
23) د.عەبدولڕەحمان قاسـملوو، کوردسـتان و کورد- لێکۆڵینەوەیەکی سـیاسـی و ئابووری، وەرگێڕانی بۆ سـەر زمانی کوردی: عەبدوڵڵا حەسەن زادە، بنکەی پێشەوا، ناوی چاپخانە و شوێن نادیارە، 1973.
24) عەتا قەرەداغی، کۆمەڵگای کوردی و پەرەسـەندنی ناسـروشـتی، بڵاوکراوەی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ، چ: داناز، سلێمانی، ٢٠٠١.
25) د. عیزەدین مسـتەفا ڕەسـووڵ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سـلێمانی، سلێمانی، 1979.
26) عەبدولعەزیز خەیات، حەیرانۆك، چاپی یەکەم، چ: وەزارەتی پەوەردە، هەولێر، ٢٠٠٢.
27) عبدالكريم المدرس (ملا)، علماؤنا في خدمة العلم والدين، نشـره: محمد علي القرەداغي، دار الحرية للطباعة، الطبعة الأولى، بغداد، 1983.
28) ڤاسـیل نیکیتین، کورد و کوردسـتان- لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسـی و مێژوویی، وەرگێڕانی لە زمانی فارسـییەوە: خالید حسامی (هێدی)، چ: زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، 1998.
29) کامەران موکری، ئافرەتی لادێیی کورد و سـەربەسـتی، بڵاوکراوەی بەڕێوەبەرێتیی فرۆشـگای کتێب بۆ چاپکردن و بڵاوکردنەوەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، 1978.
30) گۆیژە زەنگەنە، ئافرەت لە چوار ئاییندا (یەهودی، زەردەشتی، مەسیحی، ئیسلام)، ناوی چاپخانە نادیارە، سلێمانی، 1999.
31) مارتین ڤان بروینسین، ئاغا و شێخ و دەوڵەت- بەرگی دووەم، وەرگێڕانی لە زمانی ئەڵمانییەوە: د.کوردۆ، بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2003.
32) ماردین جەلال، پرادیگمای ژن- لێکۆڵینەوە، چ: تیشك، سلێمانی، 2005.
33) محەمەد عەلی سـوڵتانی، ڕاپەڕینی عەلەوییەکان زاگرۆس یا لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لەسـەر ئەهلی حەق، وەرگێڕانی لە زمانی فارسییەوە: حەسەن عەبدولکەریم و کەمال ڕەشید، بڵاوکراوەی خانەی وەرگێران، چ: وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، سلێمانی، 2003.
34) شێخ محەمەد مەردۆخ، مێژووی کورد و کوردستان- بەشی یەکەم، وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی: محەمەد فیدا، چ: سەرکەوتن، سلێمانی، 1958.
35) محەمەد کەریم شەریف، فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری، چ: شیمال، کەرکووك، 1974.
36) محەمەد تۆفیق وردی، فۆلکلۆری کوردی، چاپی یەکەم، بەشی سێیەم و چوارەم، چاپخانەی قەزا ــ نەجەف، 1971.

37) ناسر و حەفید و ئەوانی تر، یادنامەی شێخ مەحموودی حەفید، بڵاوکراوەی بنکەی ژین، چ: شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٦: بوار نوورەدین، شێخ مەحموودی حەفید لە گۆرانیی فۆلکلۆری کوردیدا.

38) هەردەوێڵ کاکەیی، هەڵبژاردەیەك لە هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی ناوچەی گەرمیان، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، چاپخانەی حوادث، بەغدا، 1985.

گۆڤار:

39) ڕووناك فەرەج، تاك لە کۆمەڵگەی کوردیدا- خوێندنەوەیەکی گشتی سەبارەت بە تاك لە کۆمەڵگەدا، گۆڤاری ڕەهەند، ژ.١٤و١٥، ٢٠٠٣.

ئینتەرنێت:

40) https://youtu.be/cbgXzMrvUk8
41) https://youtu.be/syYTk6fa00w
42) ( ماڵپەری www.ronibaran.de)